# پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠ و چەند تێبینیەکی سەرپێیی

نەمیر بەکر قەصاب

پێشەکی: پێش ئەوەی تێبینیەکانمان لەسەر بودجە بخەینەڕوو، باشتروایە کە پێناسەکی گشتیی بودجە باس بکەین:

بودجە، بریتیە لەهاوکێشەیەکی هاوتا لەنێوان داهات و خەرجیدا، کەواتە ئەبێ خەرجی لەگەڵ داهاتدا یەکسان بکرێت، تا بتوانین دروست کار بۆ جێبەجێ کردنی خاڵ و برگەکانی بودجەکە بکەین. ئەگەر داهات لەچاو خەرجیدا کەمی هێناو ئەو بودجەیە پێی ئەوترێ کورتی هێناوە (العجز فی الموازنە العامە)، و ئەو کورت هێنانەش هەڵبەت هۆکاری هەیە، لێرەدا ئەبێ دەوڵەت هەوڵ بدات ئەو کورت هێنانە چارەسەر بکات و سەرچاوەی نوێ بۆ داهات پەیدا بکات، تا ئەو کەلێنە لەبودجەکەدا پڕ بکاتەوە.

بودجە، کردارێکی دوولایەنەیە، و بریتییە لە ئامانج و ژمارە تۆمارکراوەکان، ئامانجەکان بریتین لەو کارانەی کە دەوڵەت ئەیەوێت بیکات و بەمەبەستی گەشەکردن لەهەموو کەرتەکاندا لەرێگەی ئەو پرۆژانەوە کە لەکاتێکی دیاریکراوی داهاتوودا ئەبێ جێبەجێ بکرێت. بەڵام ژمارەکان ئەو برە پارانە دەرئەخەن کە دەوڵەت ئەیەوێ خەرجی بکات بۆ گەیشتن بەئامانجەکان. ئەگەری خەملێنراوی ئەو داهاتانەش لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە دەست دەوڵەت ئەکەوێ لەکاتێکی دیاریکراودا کە بەساڵێك پێوانە ئەکرێ.

لێرەدا ئەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو پارەیەی بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان تەرخان ئەکرێ، لەداهاتی حکومەتی ناوەندی عێراق دەستنیشان کراوە، چونکە هەموو داهاتەکان ئەچنەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەند، و تا ئێستا هەرێم نەیتوانیوەوە داهاتی خۆی، خۆی سەرپشك بێت لێی، و بخاتە ناو بودجەکەیەوە، و لەسەر بنەمای ئەو داهاتە ناوخۆیانە بودجە دارێژێ.

بۆیە لەرووی زانستیەوە ئەو برە پارەیەی بۆ هەرێم تەرخانکراوە، بودجە نیە، چونکە برە پارەیەکە بۆ خەرجی. واتە هاوکێشەکەمان لاسەنگە، داهات نیە، کەواتە پارەی تەرخانکراو (تمویل)ە لەحکومەتی ناوەندەوە بۆ هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ئەو برگەو خاڵانەی لەخشتەکانی خەرجی هەرێمدا دەستنیشان کراوە، لە مووچەو پێشنیاری پرۆژەو.....هتد.

١-لەپرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ ی هەرێمدا (ماددەی یەکەم) خەرجی پێویست بەبڕی (١١,٤٣٢,١٧٦) یانزە هەزارو چوارسەدو سی و دوو ملیارو سەدو حەفتاو شەش ملیۆن دینار خەملێنراوە، و بەم شێوەیە دابەش بووە:

أ-بڕی (٣,٥٤٣,٧٤) بۆ خەرجی پرۆژە وەبەرهێنەرەکان کە رێژەکەی ئەکاتە ٣٠/٩٩٢٪ لە کۆی پارەی تەرخانکراو.

ب-بڕی ٧,٨٨٩,١٠٢ بۆ خەرجی بەکاربەر (نفقات تشغیلیە) کە رێژەکەی ئەکاتە ٦٩/٠٠٧٪ کۆی گشتی پارەی تەرخان کراوە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، چونکە پارەی دیاریکراو بۆ (نفقات تشغیلیە) کەمتر بوایە. بەڵام کۆبوونەوەی ئەنجامەکانی ئەو ساڵانەی پێشوو، ئەو بەشەی هەرێم لەنەهامیەتیەکی خراپدا بوو، یەکێکە لەهۆکارەکانی ئەو برە پارەیە کە تەرخانکراوە، هەروەها ئەو فەرمانبەرە زۆرەی کە لەدەزگاکانی هەرێمدا لەژێر سایەی بێکاری داپۆشراودا مووچە وەرئەگرن. هۆکارێکیکە، وەك لەبرگەی سێی هەمان ماددەدا (ماددەی یەك) ئاماژەی پێکراوە بڕی ٨٣٥ هەشت سەدو سی و پێنج ملیار دینار میزانیە کورتی هێناوە، ئەمەش هۆکارێکی کەیە، چونکە ئەو پارەیە بەپێی (ماددەی بیست) لەپرۆژەی یاسای بودجەی ٢٠١٠، ئەو بڕ



پارەیەیە کە ئەبێ لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تەرخان بکرایە، بەڵام تا ئێستا ئەو کێشەیە یەکلایی نەکراوەتەوە. بۆیە ئەبێ حکومەتی هەرێم خۆی دابینی بکات. کەواتە بۆ ئەم قۆناغە خەرجی وەبەرهێنەر وەك لەخاڵی (أ)ی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەو رێژە کەمە بە ٣٠/٩٩٢٪ ، بودجەی ٢٠١٠ وەك لە برگە ماددەکانی تردا بۆمان دەرئەکەوێ، ئەیەوێت هاوکێشەی نێوان خەرجی وەبەرهێنەرو خەرجی بەکاربەر هاوسەنگیەك لەنێوانیاندا دروست بکات.

٢-وەك لەماددەی دوو پرۆژەکەدا ئاماژەی پێکراوە، داهاتی خەمڵێنراوی هەرێم بریتیە لە بری (٣٤٨,٦٧٩) سێ سەدو هەشت ملیارو شەش سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن، واتە تەنها رێژەی ٣٠/٠٤٩٪ بودجەی خەمڵێنراوی ٢٠١٠ دادەپۆشێ، بۆیە وەك ئاماژەمان پێدا، بودجەی هەرێم هاوسەنگی تێدا نیە لەنێوان داهات و خەرجی هەرێمداو ئەوە پرۆژەی (تەمویلە) بەرێژەی ١٧٪ لەبودجەی گشتی عێراق بۆ خەرجیەکانی هەرێمی کوردستان.

٣-یەکێکی تر لەخاڵە پۆزەتیڤەکانی بودجە، ماددەی حەوت کە تەنها مۆڵەتی (١٠) رۆژی داوە بەفەرمانگەکانی دەوڵەت کە هاوێکشەی پیاچوونەوە (میزانیە المراجعە) بکرێت ئەمە رێگرێکی چاك ئەبێ لەهەر فرت و فێڵ و قاچ و قووچێك، و هەمیشە دەوڵەت ئاگاداری ئاستی دارایی خۆی ئەبێت و چی پێشینەو خەرجی هەیە بەروونی لەبەردەستیدابێت.

٤-خاڵێکی تر خشتەی میلاکە، کە تا ئێستا لەکابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێم ئاماژەی پێ نەدراوە، بەڵام لەم پرۆژە یاسایەدا (ماددەی هەشتەم) بە روونی باسی ئەکات و ئەگەر ئەمە رێك بخرێت و بەرنامەرێژی چاکی بۆ بکرێت. بۆ ساڵەکانی داهاتوو، ئەو هەڵئاوساندنە گەورەیە لەژمارەی کارمەندا کەم ئەبێتەوە، و ئەو رێژە زۆرەی بۆ خەرجی مووچەی فەرمانبەرانە لەپارەی بودجەی تەرخانکراوە، کەم ئەبێتەوەو و وردە وردە رێژەی فەرمانبەران ئەچنەوە بارێکی ئاسایی لەفەرمانگەکاندا.

٥-خاڵێکی تری باش کە پرۆژە یاسای بودجە ئاماژەی پێداوە، ماددەی یانزەیە، کە ئەیەوێت لەرێی چەسپاندنی ئەم ماددەیەوە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی بەرەوپێش بەرێت و زیاتر خزمەتی خەڵك بکات، ئەویش بەوەی کە جاران داهاتی فەرمانگەو تاقیگەو نەخۆشخانەکان ئەگەرایەوە بۆ خەزێنەی حکومەت لەرێی وەزارەتی داراییەوە، بەڵام بەپێی ئەم خاڵە ئێستا داهاتی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکانی سەر بەم وەزارەتە بۆ خودی وەزارەت خۆی ئەبێ و بۆ بەرژەوەندی و رێکخستن و بەرەوپێشچوونی کارەکانی خەرجی ئەکات. وەك کرینی دەرمان و چاکسازی... هتد)

٦-خاڵێکی تر کە لەبودجەدا ئاماژەی پێدراوە ناوەرۆکی ماددەی سیانزەیە، کە ئەویش بریتیە لە برینی مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیرو جێگرو راوێژکارو بەرێوەبەرە گشتییەکان، ئەمە کارێکی چاکە. برێك لەو پارەیەی کە لەبرگەی (٢) خاڵی (١) ئاماژەمان پێکردووە کەم ئەکاتەوە، چونکە ئەو برە پارەیەی کە ئەبردرێ ئەگەرێتەوە بۆ خەزێنەو بۆ پرۆژەکانی خاڵی (أ) خەرج ئەکرێت.

٧-ماددەی شانزە بری ١٢٠ ملیار دیناری بۆ سندوقی پرۆژەی گەشەکردنی تواناکانی کوردستان تەرخان کردووە، ئەمەش یەکەم جارە برە پارەیەکی وا بۆ



ئەو کارە لەیاسادا دەستنیشان بکرێت، و وادەکات زیاتر گەشبین بین بەدوارۆژی نەوەی نوێ، چونکە هاندەرێك دەبێ بۆیان وەهەوڵدانیان بۆ تەواوکردنی خوێندنو دروستبوونی کادری پسپۆر لەبوارە جیاجیاکاندا کەکاریگەری






تەواویان دەبێت لەسەر پێشخستن‌و گەشەکردنی هەرێم بەپێی بەرنامەیەکی زانستی‌و تۆکمە.

٨-ماددەی هەژدەهەم باس لەوە دەکات کەموچەو یارمەتی خێزان‌و کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان‌و ئەنفال‌و



زەرەرمەندانی چەکی کیمیایی‌و کەم ئەندامان زیاد ئەکا بەچەند برگەو برێك و ئەمە کارێکی چاك‌و ئاوەڕدانەوەیەکی پێویستە لەو بەرێزانەی کەناوەڕۆکی ئەم برگەیە دەیانگرێتەوە، و چەسپاندنی ئەم برگەیە وەك یاسا گەلێك بەتواناترە، هەرچەندە ئەم مادەیەش کاردانەوەی خۆی هەیە لەسەر خاڵی (١/ب) سەرەوە.

٩-لەمادەی بیستو یەکدا، یاساکە ژیرانە سێ کەرتی کاریگەریی بەیەکەوە گرێداوەتەوە، هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی ترەو ئەویش کەرتی بیناسازی‌و پیشەسازی‌و کشتوکاڵە، کەهەرسێکیان توانای قۆزتنەوەی زۆرترین هێزی کاری هەیە و کاریگەریی تەواوی هەیە، کە ڕێژەی بێکاری کەم بکەنەوە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانیان بەشێوازێکی باش بۆ ئەم قۆناغە بۆ ماوەی ساڵێك برە پارەیەك تەرخانکراوە، تا لەو ساڵەدا خەرج بکرێت، کە کۆی گشتی ئەکاتە ٤٣٠ چوار سەدو سی ملیار دینار و ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە بتوانرێ بناغەیەکی پیشەسازێکی دروست بۆ کەرتی بیناسازی‌و کشتوکاڵ‌و پیشەسازیەکان بێتە ئاراوە، و تەکنەلۆجیای تازە بەکاربێت بۆ وەبەرهێنان، دەتوانرێت کەزۆر لەکاڵەو شمەکەکان پێویستمان بەهاوردەکردنی زۆر شت نابێ و یاسای پشتگیری داکۆکی لەبەرهەمە خۆماڵیەکان پەیڕەو بکەین. بۆ نمونە هۆڵەندیەکان ٣٪ لەکەرتی کشتوکاڵدا کاردەکەن، بەڵام بۆ زیاتر لە ١٠٠ وڵات کاڵاو بەرهەمی کشتوکاڵی دەنێرێ.

١٠-مادەی نۆزدە باس لەو پارانە دەکات کە بۆ لایەن‌و حزبە سیاسیەکان تەرخانکراوە، و بڕەکەی بریتییە لە ٩٠ نەوەد ملیار دینار، و ئەمە بۆ یەکەمجارە، بڕە پارەی یارمەتی حزبە سیاسیەکان شەفافانە ئاشکرا ئەکرێت، و خەرجی ئەم پارەیەش بەستراوەتەوە بەیاسای پشتگیریی حزبە سیاسیەکان کەکاتێ لەپەرلەماندا پەسەندکرا، حزبەکان بەرپرسیارن لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی، و ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەکوردستان هەنگاوی لەوجۆرە ئەنرێ و گلەیی‌و گازندەی خەڵك لەحکومەت دەرەوێنێتەوە.

١١-دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژە یاسایەی لەکاتێکدا ئامادە کرد کەحکومەتی ناوەند پرۆژەی بودجەی گشتی عێراقی پەسەند نەکراوەو لەپەرلەمانی عێراقدا خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، ئەمە یەکەمجارە بودجە لەم کاتەی ساڵدا بودجە ئاشکرا بکرێت، چونکە بودجە خۆی دەبێ لەنیوەی دووەمی ساڵدا واتە دوای مانگی شەشی هەموو ساڵێك بخرێتەڕوو و فەرمانگەکان دەستئەکەن بەدارشتنی بەرنامەو پرۆژەو خەملاندنی برە پارەی پێویست بۆی، پاشان لەمانگی ١٠ بۆ ١١ حکومەت پرۆژەکە لەهەموو لایەکەوە تەواو ئەکات و ئەیخاتە بەردەست لایەنی پەیوەندیدار تا بتوانێ بڕیاری پەسەندکردنی بدات، جا ئەولایە سەرۆك کۆمار یان ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمان بێت، واتە پێش کۆتایی مانگی ١٢ دەبێت بودجە پەسەندکرابێ. بۆ ئەوەی مانگی ١ ی ساڵی نوێ کەحکومەت دەستبەکاربوو، بەرچاوڕوونی هەبێ لەکارەکانیدا و بزانێت چی ئەکات، بودجەی ئەمساڵ دیارە بەو شێوەیە پەسەند نەکرا، بەڵام لەچاو ساڵانی پێشوودا کە لەمانگەکانی ٦ تا ٨ بودجە ئاشکرا ئەکرا، ئەمساڵ زۆر چاك هاتۆتە دەست. حکومەتی هەرێم ئێستا پرۆژەکەی ئامادەیەو هەر کەحکومەتی ناوەند بودجەی گشتی عێراقی پەسەند کرد، هەرێم چاوەڕێ ناکات، چونکە کارەکان دیاریکراون.